# تۆ نمونەی ؟

حەپەسان لەتوانای خۆڕسک و سروشتی بەهرەداری منداڵە چاوگەشەکانی بەشداری بەرنامەی هونەری ( تۆ نمونەی ) لەکەناڵی سەتەلایتی کۆرەک تیڤی چاوکێشە هەروەها ماندوونەناسی و هەوڵی دڵسۆزانەیە بۆ لەبێژینگ دان ، پەروەردەکردن و پێشخستنی بەهرە سەرەتاییەکان لەگەڵ خۆشکاتی بۆ بەشداربوو تا بینەران شایستەی ڕێز و پێزانینە ، لەدوای بەلامێک هەوێنی دەربڕینی هەندێ ڕاو سەرنجە دەکرێ چاوپێداخشانێکی بۆ بکرێ بەهەند وەربگیرێ . زۆر زەقە هەڵەی زمانەوانی هەیە لەبگۆی وشە هاندەر و شایستەکان کە بەئەنجامی چەوترەوی دەربڕینەکان دەژمێردرێ وەک دەڵێن: تۆ نمونەی یان بەکۆی بەشداربووانەوە هاوار دەکەن چەندبارە دەیڵێنەوە: نمونەی ، نمونەی ... دەکرێ نمونە بەرامبەری وشەی ( میثال ) ی زمانی عەرەبی بێ بەلام گەر مەبەست لێ ی بەشتێک بڵێن: ( میثالی ) واتاکەی لەکوردی دەبێتە نمونەیی تایبەتمەندیەتی زیاترە دەکاتە دواپلەی باشتر و هەرباشی یە . بۆ هاندان و زیاتر دەرخستی بەهرەوەری لەبەرنامەکەدا پیتی ( ی ) پەیوەندی کۆتایی قوت نەدرێ ڕاستترە بڵێن: **( تۆ نمونەیی یان دووبارەی: نمونەیی ، نمونەیی )** وەک خوێندکاری نمونەیی ، دایکی نمونەیی ... تاد ، هەروەک دەشێ وشەی تر لەبری بەکاربێ وەک: ناوازەی ، شایستەی یا داهێنانی فەنتازیا و جوانکاریەکی تر. هەروەها وشەی نمونە لەزاراوە یا ڕستەکانی شەڕ و شۆڕکردن بەواتای دەمەهێرشی جوێندان بۆشکان و ناوزەندکردن بەکاردێ هەر تۆنی دەربڕینەکەی گەر بەیەکێ بڵێ ی : نمونە ـ هەی نمونە ـ دەڵێ ی نمونەی ـ تۆ نمونەی بۆ ناشیرین کردنە شەڕانگێزی یە . ئەگەر لەوێدا مەبەست لێ ی هەر لایەنێکی ئەرێنی یا نەرێنی بێ واتا حەقیقی و مەجازیەکان تێکەڵ دەکا . وشەی نمونە لەگۆتن و نوسینی کوردیدا نیشاندانە ، سەلمێنەری بەڵگەیی هەڵبژێردراوی ناو کۆمەڵێکە بۆ بینین یا

دەرخستنی تایبەتمەندیەکان لەباشی و خراپە ، خۆ کوردیش لەپەندەکانی دەڵێ: مشتێ نمونەی خەرواڵێکە . بەڵام کە بۆ مرۆڤ بەکاردێ واتایەکی دووفاقی هەیە . لەسایەی ڕاستیەکدا واتای وشە و بەکارهێنانی لەجێ ی خۆی ئەرکێکی ویژدانی و ئاکاریە بەرپرسیاریەتیشە گەر لەهەر چاوگێکی ڕاگەیاندن بڵاوبکرێتەوە چونکە ناڕاستەوخۆ دەبێتە پیادەی چەوترەوی هەڵەکاری ، بۆ ئەوەی هەڵە ڕوونەدا پێویستی بەڕاگۆڕکێ و پرسی شارەزایان هەیە هەرگیز نابێ بەحەلەمشایی لەڕاگەیاندنی واکراوە وشەکان بەکاربهێندرێن . وێڕای ئەوانەش دانی ناو یا ناسناوی وەک هونەرمەند بەلێکدانەوەی زانستی پیشەگەریانە بەکەسانێکی بەهرەدار لەهەر ئاستێکی تەمەندابن هەروا کارێکی سەرپێ ی و ئاسان نی یە ، پێداچوونەوەی ورد و هۆشیاری دەوێ . خۆ هەموو بەرنامەکانی لەوجۆرە وەک کوردستار ، ستۆدیۆی ئەستێران ، جیهانی بەهرەوەران پاڵاوتگەی دەنگە شیرین و خۆشەکان بوون هەموو کەسێکیش بۆی هەیە خۆی تاقی بکاتەوە بەڵام مەرج نی یە ئەوەی لاساکار و بەهرەمەندە هونەرمەندبێ !

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com